S-H-Y-P-S Scarborough, Hull and York Pathology Service — NHS York and Scarborough Teaching Hospitals NHS Foundation Trust

# زانیاری بۆ کۆکردنەوەی نمونەی شلەی تۆو بۆ شیکردنەوەی توانای منداڵبوون لە نەخۆشخانەی یۆرك.

**هەموو نمونەکان بۆ شیکردنەوەی توانای منداڵبوون پێویستە ڕاستەوخۆ ببرێنە نەخۆشخانەی یۆرك. لە نەخۆشخانەی سکاربۆرۆ Scarborough هیچ تاقیگەیەك بۆ ئەم پشکنینە نیە.**

**تکایە تێبینی:** ڕێنمایی توندی وەرگرتنی نمونە هەیە بۆ شیکردنەوەی توانای بوون بە منداڵ شلەی سپێرم واتا تۆو. ئەمانە بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO 2021)، کە پێویستە بۆ باوەڕپێکردنی UKAS لە بەرامبەر ستانداردەکانی ISO 15189، و هەر نادڵنیاییەك لە ئەنجامەکاندا کەمدەکاتەوە.
**ئەگەر ڕێنماییەکانی ئەم لاپەڕەیە جێبەجێ نەکرێن، نمونەکان پرۆسێس ناکرێن. تکایە پێش بەرهەمهێنانی نمونەکەت بە وردی بخوێنەوە.**

## حجزکردن بۆ گەیاندنی نمونەیەك یان بۆ بەکارهێنانی ژووری بەرهەمهێنانی نمونە

**دەبێت چاوپێکەتنێک دیاری بکرێت** جا تۆ بتەوێت نمونەکەت لە ماڵەوە بەرهەم بهێنیت یان ژووری تایبەت لە شوێنەکە بەکاربهێنیت. تکایە ماڵپەڕی: www.york.nhs.uk/andrology بەکاربهێنە کە هەموو کاتەکانی چاوپێکەوتنی بەردەست دەبینیت. ئەگەر کێشەت هەیە لە حجزکردنی لەسەر ئۆنلاین، تکایە پەیوەندی بە تاقیگە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 01904726258 (تەلەفۆنەکە کاتژمێر 8.30 بەیانی – 5 ئێوارە، دووشەمە-هەینی جگە لە پشووی بانکی.
تکایە ئاگاداربن، ئەمە هێڵی ڕاستەوخۆیە بۆ تاقیگە، لەوانەیە نەتوانین مامەڵە لەگەڵ پرسیارە تەلەفۆنییەکان بکەین لە ماوەی سەرقاڵیدا).
حجزکردنی چاوپێکەتن دەبێت لانیکەم 2 ڕۆژ پێشوەختە ئەنجام بدرێت. چاوپێکەوتن تەنها لە دووشەمە تا هەینی بەردەستە و پشووی بانکی ناگرێتەوە.
**نمونەکان بەبێ چاوپێکەوتن پرۆسێس ناکرێن.**
هەموو زانیارییەکان سەبارەت بە نمونەکانی دەفر sample pots، فۆڕمی داواکاری و پێناسە/زاراوە دەتوانرێت لە ماڵپەڕی حجزکردنی چاوپێکەتن بدۆزرێتەوە. هەروەها دەتوانرێت پرسیارە بەردەوامەکان FAQ لەوێ بدۆزرێتەوە.

## ڕێکارەکانی ئێستای پەیوەست بە کۆڤید-19

بۆ ڕێنماییەکانی ئێستای کۆڤید-19، تکایە زانیاری نوێ لە ماڵپەڕی حجزکردنی چاوپەکەتن بخوێنەرەوە.

## گەیاندنی نموونە

ئەو نمونانەی لە ماڵەوە بەرهەم دەهێنرێن دەبێت لە تاقیگەدا **لە ماوەی 45 خولەکدا** وەربگیرێن لە **کاتی گەیاندنی** پێشوەختە حجزکراودا. نموونەکە **پێویستە** لە ماوەی **یەك کاتژمێردا پرۆسێس بکرێت** دوای کۆکردنەوە. گەیشتن بە شوێنی چاوپێکەوتنەکەت لە دەرەوەی کاتەکەت مەترسی ئەوەی هەیە کە نمونەکەت ڕەت بکرێتەوە (ئەمەش هاتنی پێشوەختە دەگرێتەوە).

## ژووری بەرهەمهێنانی نمونە

ئەگەر لە ماوەی 45 خولەکدا نەتوانیت لە ماڵەوە نمونەکە بگەیەنیت، دەتوانرێت ژوورێکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی نمونە لەناو نەخۆشخانەکەدا **پێشوەختە حجز بکرێت** بە بەکارهێنانی ماڵپەڕەکە.
پێویستە پێش ئامادەبوون لە چاوپێکەوتنەکەتدا دامەزراوەی ناو شوێنەکە حجز بکرێت.

## پێداویستیەکانی نمونە:

- نمونەکان **دەبێت** فۆڕمی داواکاری **پڕکراوی** پزیشکی **کلینیکی/پزیشکی گشتی** تۆ لەگەڵدا بێت. تکایە دڵنیابە **لەداواکردنی وردەکارییەکانی پزیشکی کلینیکی/بنکەی تەندروستی پزیشکی گشتی GP** – ناو و شوێن – بە ڕوونی

سەرچاوەکان:

کتێبی تاقیگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ پشکنین و پرۆسێسکردنی تۆوی مرۆڤ، چاپی شەشەم، 2021.

نووسراون. ناوبەناو ڕەنگە داواکارییەکە لە پزیشکی ژنان/ڕاوێژکاری نەخۆشخانەی هاوبەشەکانەوە سەرچاوە بگرێت ئەگەر تۆ وەك ژن و مێردێك لە نەخۆشخانە هەڵسەنگێندرابێت؛ ئەگەرنا دەبێت داواکارییەکە لە پزیشکی خۆتەوە بێت.

- نموونەکان **پێویستە** لەناو **دەفری نموونەی تاقیکراوی ژەهراویبووندا** بەرهەم بهێنرێن کە دابینکراوە (بەم شێوەیەی خوارەوە ناوی لێنراوە). تکایە دوور بکەوە لە هەڵگرتنی دەفرەکەی بەرامبەر ڕادێتەرەکان کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی پلاستیکەکە ژەهراوی بێت بۆ سپێرم. <u>نموونەی ناو دەفرێکی هەڵە ڕەتدەکرێتەوە.</u>




- تۆ **پێویستە پێش** بەرهەمهێنانی نموونەکە بۆ ماوەی **لانیکەم 48 کاتژمێر** و **زۆرترین 7 ڕۆژ** لە تووفرێدان بەدوور بیت. ئەگەر ماوەی خۆبەدوورگرتن لە دەرەوەی ئەم ماوەیە بێت، ئەوا <u>نموونەکە ڕەتدەکرێتەوە.</u>
- **تۆ نابێت کۆندۆم، پچڕانی جووتبوون یان** چەورکەر lubricants بۆ کۆکردنەوەی نموونە بەکاربهێنیت چونکە **هەر** پیسبوونێك ژەهراوی دەبێت بۆ سپێرم. نموونەکە پێویستە بە دەستپەڕی ڕاستەوخۆ تەنها بۆ ناو مەنجەڵەکە کۆبکرێتەوە.
- بۆ دڵنیابوون لە پاکوخاوێنی کەسی باش، دەبێت **تەواوی نموونەکە** بە دەستپەڕی ڕاستەوخۆ بخرێتە ناو ئەو دەفرەی کە دابینکراوە. ستافی تاقیگە داوات لێدەکەن کە تەواوبوونی پشتڕاست بکەیتەوە. بەو پێیەی بەشی یەکەمی نموونەکە دەوڵەمەندە بە سپێرم، نموونەی ناتەواو <u>ئەنجامێکی جێی متمانە نیە و هەربۆیە ناتوانرێت پرۆسێس بکرێت.</u>
- **تۆ پێویستە نموونەکە لە پلەی گەرمی جەستەدا گەرم ڕابگریت، بۆ نموونە.** بە هێشتنەوەی لە گیرفانێکی نزیك لە جەستەتەوە. داواتان لێدەکرێت ئەمە پشتڕاست بکەنەوە. (ئەمە نەخۆشانی حجزکردنی ژوور ناگرێتەوە).
- **تکایە کات و بەرواری کۆکردنەوە لەسەر فۆڕمی داواکاری بنووسن.**
- دڵنیابە کە وردەکارییەکانت بە تەواوی لە هەردوو فۆڕمی داواکاری و دەفری نموونەکەدا پڕکراوەتەوە. زانیارییە پێویستەکان بریتین لە **ناوی یەکەم و ناوی خێزان و بەرواری لەدایکبوونت. هەروەها پێویستە فۆڕمەکە ناونیشان** و **ژمارەی NHS (لەو شوێنانەی کە بتوانرێت) بنووسرێت.**
- **تکایە تێبینی:** پرسیارت لێدەکرێت کە ئایا ڕەزامەندیت لەسەر هەر نموونەیەکی ماوەتەوە کە بۆ مەبەستی ڕاهێنان و کوالیتی بەکاربهێنرێت. ئەمەش نادیارە و بۆ ڕاهێنانی ستافی نوێیە و بۆ پەیڕەوکردنی ستانداردەکانی ISO.

**<u>ئاراستەکان</u>**
ڕێنماییەکان بۆ نەخۆشخانەی یۆرك (YO31 8HE) دەتوانرێت لە ماڵپەڕی نەخۆشخانەکەدا بدۆزرێتەوە: نەخۆشخانە فێرکارییەکانی <u>یۆرك و سکاربۆرۆ NHS Foundation Trust - گەیشتن لێرە (yorkhospitals.nhs.uk)</u>

وەستانی ئۆتۆمبێلی فرە نهۆمی تا 15 خولەك وەستانی ئۆتۆمبێل بەخۆڕایی هەیە. جگە لەوەش چوار خاڵ لە پێشەوەی نەخۆشخانەکەدا هەیە کە بۆ ماوەی 20 خولەك بەخۆڕاییە، ئەگەر بەردەست بێت.

سەرچاوەکان:

کتێبی تاقیگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ پشکنین و پرۆسێسکردنی تۆوی مرۆڤ، چاپی شەشەم، 2021.

Scarborough, Hull and York Pathology Service

York and Scarborough Teaching Hospitals NHS Foundation Trust

ئەگەر لە کاتی دابەزاندنی نمونەیەکدا تووشی کێشەی هاتوچۆ یان کێشەی وەستانی ئۆتۆمبێل بوویت، تکایە پەیوەندی بە تاقیگەیەکەوە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 01904726258، دەتوانین ئامۆژگاری بکەین یان کاتەکەت ڕێکبخەینەوە ئەگەر پێویست بوو.

شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل بۆ کەمئەندامان دەستبەجێ لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی بەردەستە. ئەمانە تەنها بۆ خاوەن نیشانە کەمئەندامەکانە. وەستانی ئۆتۆمبێل لەناو فرە نهۆمیدا بێ بەرامبەرە بۆ ئەوانەی نیشانەی وەستانی ئۆتۆمبێلیان بۆ کەمئەندامان هەیە.

**تکایە لە کاتی چاوپێکەوتنتاندا لە دەرەوەی نەخۆشخانەوە پەیوەندی بە تاقیگە بکەنەوە.**

سەرچاوەکان:

کتێبی تاقیگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ پشکنین و پرۆسێسکردنی تۆوی مرۆڤ، چاپی شەشەم، 2021.



کۆپییەکی بێ مۆڵەت